# ئەو کاتەی شکسپیر ئەبێتە ئەفسانە...

## شەش دەقی کورتکراوەی شکسپیرلەکتێبێکدا

خوێندنەوەی: عەبدولخالق قەرەداغی

بەرگی کتێبەکە




زۆرجار کەباس لەشکسپیردەکرێت وەك زاناو فەیلەسوف وشاعیر ئامାژەی بۆدەکرێت،گەورەیی ئەم کەڵە نوسەرە لەوەدایە خاوەن زمانێکی ڕەهای گوزارشتکردنەوبەدەرلەهەمو هێزێکی کرانەوە دەتوانێت لەناو دەزگاو ئۆرگانی زماندا دونیایەك گوزارشت و یاری بە زیهن و ژیری مرۆڤ بکات ،بەبێ ئەوەی یەك چرکە خوێنەر توشی بێزاری بکات،لەدونیای شیعردا دەکرێت وەك ڕزگارکەرو فریادڕەسی شیعری جیهانی ناوبەرین ،بەجۆرێك لەهەرسێ ئاستی زمان و تەکنیك و چیرۆکی شیعریدا خاوەن قودرەتێکی ڕەهایە،بەتایبەتیش لە ڕێکخستنی ڕستەو وشەو حیکمەتەکانی نێو شیعر،کە تێکستە شانۆییەکانی دەخوێنیتەوە هەست دەکەیت ئەم پیاوە لەیەك کاتدا حەکیم و زاناو مێژوو ناس و فەیلەسوف بوە ،ئەی کەواتە بائەو پرسیارەبکەین چ هێزێکی ئەفسوناوی لەپشت شکسپیرەوەیەوا بوتەئەفسانەی هەمو چاخ و سەردەمێك؟؟

ڕەنگە وەڵامی ئەو پرسیارە هۆکاری بابەتی زۆری هەبێت، کە ئەمە شوێنی لێدوانی نەبێت ،ئەمەندەی شوێنی لێدوان و هەڵوێستە کردنە گرنگیدانە بە فرە لایەنی لە ئەدەبیاتی ئەم نوسەرەدا، بۆنمونە شیعرەکانی دەکرێتە مارشی نەتەوەیی و کۆڕاڵ وئۆرکستراى جیهانی وئۆپیراو دەقە شانۆییەکانی دەکرێتە فیلمی سینەمایی و دراماو زنجیرەی تەلەفزوێنی ، هەمومان بینیمان فیلمی "شکسپیری عاشق" خەڵاتی ئۆسکاری بەدەستهێنا،لەم چەند ساڵانەی دواییدا لەزۆرێك لەوڵاتانی ئەوروپی و عەرەبیدا هەوڵی بە میتۆدکردنی بەرهەمەکانی ئەم نوسەرە دەدرێت بە شێوازێك دەقەکانی

دەکرێت پرۆگرامی خوێندنی ناوەندی و دواناوەندییەکان هەروەک ئەم کتێبەی بەردەستمان هەوڵێکە لەو هەوڵانەی کە لەو بووارەدا دراوە،کرۆکی ئەم هەوڵەش لەئەساسەوەبۆئەوەدەدرێت کەشکسپیر لەسەرئەساسی هەمو بنەماو ئاستێك خوێنەری هەبێت ،چونکە ئەمرۆشکسپیرلەوە خوێنەری زیاترە کە بە موڵکی ئەدەبی ئینگلیزی سەیربکرێت...

ئەم کتێبە کە بەناوی شەش بەرهەمی شکسپیر لەناميلکەیەکدا یە و لە وڵاتی ئێران بەزمانی ئینگلیزی چاپ کراوەوبەشێوەیەکی گشتی تەسنیفی دەقەکان کراوە بۆدوبەش بەشێکیان شانۆییە تراژیدیەکانی نوسەرو بەشێکیان شانۆییە کۆمیدیەکانی نوسەر، یان ئەوانەی زیاتر هەناسەو ڕەهەندێکی کۆمیدیان هەیە ،ڕەنگە دیارترین شتێك وای لێکردم کە خوێندنەوەیەکی خێرابۆئەم کتێبەبکەم ئەوەیە کە هەندێك لەو دەقانە تائێستا نەکراون بە عەرەبی وکوردی زۆربەکەمی خوێنەری ئێمە بەناوەکانیان ئاشنایە،ئەمە جگەلەو ئینگلیزییە ڕەوان وبێگەردەی شکسپیر بەکورتکراوەیش کە هیچ کاریگەرییەکی نەبوە بەسەرئاستی زمان و جیهانبینی دەقەکان ،کەمن پێم وایە ئەمە ڕەگەزێکی زۆرگەورەیە بۆنوسەری دەقە شانۆییەکان ..

بەشی یەکەمی کتێبەکە ئەم سێ شانۆییەی لەخۆگرتوە کە ڕەهەندێکی کۆمیدیان هەیە یان بە بوعدێکی بەزمەساتیانە نوسراوە وزیاتر فێڵ و تەکنیکی زمانەوانی لەسەرئەساسی مەودای کارەکتەرەکان زاڵە بە سەرتەکنیکی نوسینی دەقەکەدا ،کەئەوانیش بریتین لە :

*بازرگانی ڤینسیا

*زریان

*ڕازیکردنی ژنێکی زمان درێژ

بەشی دوەمی کتێبەکەش ئەم سێ شانۆگەرییەی لەخۆگرتوە :

*یۆلیۆس قەیسەر

*شالیر

*ماکپێس

لەبەشی دوەمدا کە ئەم سێ شاکارەی شکسپیری لە خۆگرتوە ئاستی زمان چ وەك لایەنی زمانەوانی و تەکنیك چ وەك ڕەهەندی گێڕانەوە قوڵیەتی زۆری پێوەدیارە ،ئەوەی کەمن بە ئەفسون و جادوی ناودەبەم لە کرداری ئەو کورتکردنەوەیەداکە ئەم دەزگایە هەڵساوە پێی ،چونکە هەمو بەرهەمێکی ئەدەبی کاتێك بەکرداری کورتکردنەوەو چڕکردنەوەدا بڕوات ئەوا بەشێك لەچێژو ئیستاتیکای زمانەوانی و تەکنیك لەدەست دەدات،ڕاستە ڕەنگە ئەم شەش دەقە لەئەساسدا زیاتر لە"750" لاپەڕەبێت کراوە بە "105" لاپەڕە بەمەش زۆرێك لەکارەکتەرەکان توشی کورتبینی کراوە،بەڵام بەکۆی گشتی دەتوانین بڵێین کورتکردنەوەکەو خوێندنەوەی بەرهەمەکە بەزمانی ئینگلیزی دابڕنیە لەو چێژە گەرەو بەرفراوانیەی کە ئێمە لەدەقێکی شکسپیروەریدەگرین..

لەشالیردا کاتێك ئێمە ئاشنادەبین بە کارەکتەری" لیر" ئاشنایەتی بەناخی میرێکی دۆڕاو ،میرێکی بێ سیاسەت و ساویلکە،بە شێوازێك نەتوانێت سروشتی بەڕێوبردنی خێزانەکەی خۆی بدۆزێتەوەو مامەڵە کردنی لەتەك سێ کچەکەیدا لەسەرئەساسێکی زۆر ڕوکاریانەبێت هەربۆیە دو کچیان"گۆنریل وڕیگان "کۆنترۆڵی یادەوەری ئەو میرە پیرو ساویلکەیە دەکەن و وای لێدەکەن وەك منالێکی ساویلکە سەرجەم سەروەت وسامانەکەی زەوتکەن،لەولاشەوە کۆردیلیا پاکیزە ودڵسۆز

وەك جەلادو تۆڵە سێنی لێدێت لەبەرچاو میردا،ئەمە تا کۆتایی شانۆییەکە درێژە دەکێشێت بە شێوازێك خوێنەرهەست بەغەدرو دڵە ڕاوکێیەکی زۆردەکات ،تالەدوابەشدا تەرازوی ڕوداوەکان بەشێوازێکی تر دەگۆڕێن و کۆردیلیاو ئەوان وەك ئەو بیردەکەنەوە حەقیقەتی ڕوداووبیرکردنەوە ئەهریمەنیەکان بۆخوێنەرئاشکرادەکەن،لایەنی بەرامبەری لیر، گلۆستەروکوڕەکانیەتی کەچۆن ئیدمۆندی زۆڵە کوڕ بە هەمان شێوەی دوکچەکەی لیردەیەوێت باوکی لەخشتە بەرێت ،گەرئەمە چیرۆك وسکێچی گشتی شانۆیی شالیر بێت ئەوا لەم کتێبەدا ئەمە دەخوێنینەوە ،کەواتە چێژو بنەماسەرەکیەکانی ئەم شانۆییە بە خوێنەر گەیشتوە،لەئەساسیشەوە وەك لەپێشەکیەکەدا تیشکی خراوەتە سەر بنەمای گشتی ئەم پڕۆژەیە بۆئەوەیە لەهەمو ئاست و بۆچون دیدگایەك خوێنەر ئاشنایەتی بە شکسپیر پەیدا بکات و بەشێوەی ئەم کتێبەش سەدان دەق و شیعری شکسپیر کۆکراوەتەوە هەریەکەیان بە شێوازێك کاربۆگەیاندنی ئەو دەقانەی شکسپیردەکەن .

لەدەقی ماکپێسدا ڕەنگە کاتێك خوێنەردەقەکە دەخوێنێتەوە هەست بەوەبکات کە دەقەکەی شکسپیر تەنها لەو "20" لاپەڕەیە بێت کە ئەو دەیخوێنێتەوە ،چونکە ململانێی نێو تارماییەکان وماکبێس و لێدی و ماکپێس تەوەرەی سەرەکی دەقە شانۆییەکەن،لەم کورتکردنەوەیەشدا دەقاو دەق ئەو مەبەستە کاری لەسەرکراوەو لایەنە میتافیزیکیەکەی دەقەکە تەوەرەی سەرەکی کورتکردنەوەکەیە،بەشێوازێك گەر خوێنەرێکی ئینگلیزی زان قوتابی ناوەندیش بێت ئەوابەئاسانی لەم دەقەی شکسپیردەگات،لەکاتێکدا زۆرێك لەڕەخنەگران پێیان وایە شکسپیر لە ماکپێسدا زیاتر کاری لەسەر ئاڵۆزکردنی بابەت وتەکنیکی پەیوەندی نێوان کارەکتەرەکان کردوە،بەڵام لەم کتێبەدا ماکپێس بەهەمان شێوەی دەقەکانی تر هەوڵی چڕکردنەوەی بابەت و چیرۆکەکەی داوەبەشێوەیەکی هونەرییانە...

ئەوەی سەرنجی منە لەسەر ئەم شەش دەقەی شکسپیر تایبەتە بە زمان ،کەئەویش بە خوێندنەوەی خۆم بۆزمانەکانی تر بەتایبەتی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی بۆم دەرکەوتوە لەناو زۆرێك لە زمانەکانی دونیادا بەتایبەتی ئەو سێ زمانە بەم شێوازە کاریان لەسەر دەقەکانی کردوە،بەداخەوە دەڵێم دەبایە لەئەدەبیاتی کوردیشدا هەوڵی لەم جۆرە هەبایە ، چونکە نزیکەی "10دەقی" ئەم نوسەرە بۆزمانی کوردی وەرگێڕاوە ئەمە جگە لەوەی زیاتر لە 25ساڵە بازرگانی ڤینسیا پڕۆگرامی خوێندنی پۆلی شەشەمی دواناوەندیە،بەڵام تا هەنوکە هەوڵی لەم جۆرە نیە ،هیوادارم دوایزۆربونی ئەو هەمو دەزگاو خانە تایبەتیانەی تایبەت بە چاپکردنی کتێب بیریش لەم لایەنەبکرێتەوە ...



شکسپیر